


# چێکلیستی خولی فرۆشتن لە دۆخە سەختەکان




ئەگەر کێشەت هەبوو لە سکانکردن : کلیك بکە لە ماڵپەڕ

https://awazhome.com/

## چێکلیستی کرداری بۆ بەڕێوەبردنی فرۆشتن لە قەیراندا

ئەم چێکلیستە بەکاربهێنە بۆ پێوانەکردنی کارەکانی ڕۆژانە و هەفتانەی تیمەکەت یان بزنسەکەت.

**١. ئامادەکاریی دەروونی و کەسی**

- ( ) پەیڕەوکردنی سوپاسگوزاری و خاوێنکردنەوەی مێشک لە بیرکردنەوەی نەرێنی.
- ( ) پاراستنی ئارامیی مێشک بۆ ئەوەی توانای گوێگرتنت لە کڕیاران بەهێز بێت.
- ( ) دوورکەوتنەوە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی نەرێنی و سکاڵاکردن لای کڕیار یان کارمەندەکان.

**٢. پاڵاوتن و ڕێکخستنی کڕیاران**

- ( ) پاککردنەوەی بۆریی فرۆشتن (Pipeline) لەو کڕیارانەی کات دەگرن و گونجاو نین.
- ( ) پۆلێنکردنی کڕیارەکان و تەرخانکردنی زۆرترین کات بۆ کڕیارە "گەرم و گەرموگوڕەکان".
- ( ) دەرهێنانی لیستی کڕیارە کۆنەکان بۆ دووبارە پەیوەندیکردن پێیانەوە.

**٣. دارشتنەوەی پەیام و پێشنیارەکان**

- ( ) بەکارهێنانی هاوکێشەی ٤ قۆناغی بۆ پەیامەکان (هاوسۆزی، پێناسەکردنی کێشە، چارەسەر، بانگهێشت بۆ کردار).
- ( ) دارشتنی پێشنیاری فرەئاست (دابینکردنی پاکێجی هەرزانتر یان قەبارەی بچووکتر).
- ( ) دانانی گەرەنتی یان پێدانی نموونەی تاقیکاری بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی کڕین لای کڕیار.
- ( ) ڕەخساندنی هەلی پارەدان بە قیست و قۆناغ بە قۆناغ بۆ ئاسانکاری.

### ٤. جێبەجێکردنی فرۆشتنی ڕاوێژکارانە

- ( ) دەستپێکردنی گفتوگۆ بە هەواڵپرسین و دروستکردنی هاوسۆزی، نەک فرۆشتنی پڕفشار.
- ( ) پرسیارکردن بۆ تێگەیشتن لە کێشە، پێشینە، و ترسی ئێستای کڕیار.
- ( ) بەستنەوەی سوودەکانی بەرهەمەکە بە پێداویستیی کڕیار بۆ دابینکردنی هەستی "ئاسایش".
- ( ) پێشکەشکردنی بەهای زیاتر و پاڵپشتیی دوای کڕین بۆ قووڵکردنەوەی متمانە و پەیوەندی.
- ( ) پێشنیارکردنی کاڵای نوێ یان زیاتر کاتێک کڕیار پەیوەندییەکی متمانەپێکراوی دروست کردووە.

### ٥. بەڕێوەبردن و فرەکەناڵی

- ( ) کاراکردنی لانیکەم دوو کەناڵی نوێی فرۆشتن (تەلەفۆن، B2B، کورتەنامە، بریکارنامە) بۆ کەمکردنەوەی مەترسی.
- ( ) ڕێکخستنی کەمپەینی تایبەت بۆ بۆنە نزیکەکان (وەک نەورۆز و ڕەمەزان یان بۆنە و ڤیستیڤاڵە و ...).
- ( ) پاراستنی ڕیتمی ڕۆژانەی فرۆشتن بە دیاریکردنی ژمارەی پەیوەندی، کورتەنامە، یان سەردانی مەیدانی.
- ( ) پێوانەکردنی ئەنجامەکانی ڕۆژانە و بەدواداچوون بۆ دڵنیابوون لە دوورکەوتنەوە لە بێکاریی زیانبەخش.

بۆ ئاگاداربوون لە کارو چالاکییەکانمان:

